# گەورە شاعیری عەڕەب لە ئێرانە

وەرگێڕ بۆ کوردی: ڕێناس جاف

پێویستی بە ناساندن نەبوو. بە هەمان شاڵەڕەشەکەی لاملی،قژە ئاڵۆز و پەرێشانەکەی و جگەرە بەرگەکەی دەستیرا ،دیار بوو کە شاعیرە.

ئەدۆنیس ،"عەلی ئەحمەد سەعید"،ناسراو بە "ئەدۆنیس"،شاعیری گەورەی دونیای عەرەب،ڕۆژی هەینی گەیشتە ئێران و دوێنێ(13 سەرماوەز) میوانی ڕۆژنامەکەی ئێمە لە شەرق* بوو. ناکرێ بە شاعیرێکی سوری دانێین.ئەرچی لە گوندێکی ئەو وڵاتەدا لەدایک بووە.خۆ شاعیرێکی لوبنانیش نییە، باوەکو وڵاتیی ئەوێیە. بە زمانی عەرەبیش شێعر دەڵێ،کەوابوو شاعیرێکی فەرەنسیش نییە. هەرچەندە دانیشتەی ئەو وڵاتەیە. کابرائێکی یۆنانیش نییە ئەرچی لە نێو جیهانی فەنتازیای یۆناندا لاو وگەنجێک بەو ناونیشانە ، شەیدا و کوشتەی ئەفرۆدێت(خودای ئەوین لای یۆنانییەکان) بووە. ئەو شاعیرێکە سەر بە جیهانی عەرەب و بگرە ئەو خەڵکانەی هۆگر و ئاشقی شێعرن،دەیخوێننەوە و ئەیپەرستن. بۆیە زۆرمان لا سەیر نییە کاتێ "ئەحمەد غولامی" لێی پرسی چ ساتانێک هەست بە تەنیایی دەکەی، لە وەرامدا ئێژێ:" من کاتێ ئەو هەستەم لا دروست دەبێ کە هەست بەوە دەکەم بە هەموو شوێنێکی دونیا ئاشنام . بۆیە هەمیشە هەست بە تەنیایی دەکەم."

وەرامێکی شاعیرانەم دەداتەوە. هەمان وەرام کە ئینتیزاری دەکەی.لە وەرامی ئەم پرسیارە کە: زێتر ترست لە چییە؟ وتی: "ژیان هیچ جۆرە ترسێ ناخاتە دڵمەوە. پێم وایە گەیشتووم بە لووتکەی زانست و ئەشق بە ژیان. یەک لەو هۆیانەش کە سەفەری زۆر دەکەم ئەوەیە کە دەمەوێ باشتر لە ژیان بگەم. هیچ لە مەرگ ناترسم. لە تاقە شتێ کە دەترسم ئەوەیە مەرگ زووتر لە وادەی خۆ،ڕووم تێ بکا و بە سۆراخمەوە بێت."

بە ڕوواڵەت و سەر و سیمایڕا دەتوانی لێی بگەی چەندە ئەشقی ژیانی لە دڵایە. تەنانەت بەر لەوەی پەیڤێ سەبارەت بە سەردانەکەی بۆ "شیراز" و "ئەسفەهان" بە زاردا بێنێ. ئامانج سەفەرە و ژیان بۆ ژین. ڕەنگە لەبەر ئەوەی بە زارۆکی و مێرمناڵی بە دڵی خۆ نەژیابێت: "سەردەمی مناڵی بەو شێوەی لە ژیاندا هەیە و هەروەها نەخشی نێو کتێبانیشە، لام نامۆیە و من ئەوەم نەبووە. لەو گوندەی لە دایک بووم ،سیمای هەژاری بە هەموو شتێکیەوە دیار بوو،هەتا بەوێ لە بیرم بێت هەر زۆر زوو دەگەڵ باوکم لە نێو مەزرا دەستم کرد بە کارکردن. ئێستێ گەرەکمە یادێ لە بیرەوەرییەکانی ئەو سەدەمە بکەمەوە. هەوڵ بۆ وەبیرهێنانەوەی یاد و بیرەوەرییەکانی ئەو دەمانە،یەک لەو شتانەیە مەیل بە ژیان و مانەوەم، لا شیرین دەکات."

ئەدۆنیس بە شەوێکی با و بۆرانی ژانقییەی ساڵی 1930 زایینی لە گوندی "قەسابین" لە دایک بووە. گوندەکەیان ئەوەندە هەژاری پێوە دیار بوو کە هەتا سیانزە ساڵان نە ترۆمبیلی دیبوو، نە ڕادوێ. باوکی ئەحمەد باوەکو کابرائێکی گوندی هەژار و بەلەنگاز بوو لێ گەلێ هۆگری کتێب و کتێب خوێندنەوە بوو،بە چاکییش ئاگای لە زمان و شێعر ی عەرەبی و هەروەها دینی ئیسلام هەبوو.

لای باوکی زمان فێر بوو ،لە تەمەنی دوانزە ساڵاندا شێعری کۆن و کلاسیکی عەرەبی بە چاکی دەخوێندەوە. ئەورۆکەش کە شێعری عەرەب قەرزداری وییە،بە سەربەرزییەوە لە وەرام بەو پرسیارەی "مادی یەزدانی خورەم" پەیامنێری بەشی ئەدەبی ڕۆژنامەی شەرق کە ئایا خۆ بە میراتبەری شێعری سەردەمی کۆنە پەرستی عەرەب دەزانی،دەبێژێ: "من خۆ بە شوێن کەوتەی شێعری ئەو سەردەمە دەزانم نەک میراتبەری، من بۆ خۆ خاوەنی خوێندنەوەیێکی نوێ و تایبەت بە شێعری ئەو سەردەمەم."

لە تەمەنی چواردە ساڵاندا بوو کە فێرکارییەکانی باوک،"عەلی ئەحمەد سەعید"ی بەرەو دونیای بە ئەدۆنیس بوون ،برد. ئەو ساڵەی فەرمانبەرێکی دەوڵەتی ڕێی کەوتبووە گوندەکەیان، بە شێعر خوێندنەوەی وی، کەیفی هاتبوویێ،هەر بۆیە داوای لێ کردبوو چەن ڕۆژ دواتر بۆ خوێندنەوەی چەن شێعران بۆ سەرۆک کۆماری ئەو دەمی سوریا،بچێ بۆ شارێکی نێزیک بەو ناوە. عەلی ئەحمەد سەعید بە پێیان بەرەو ئەو شارە وەڕێ دەکەوێ و شێعرێکی ناسک و پاراو دەخوێنێتەوە. هەر ئەوە دەبێتە مایەی ئەوەی کە بە خەرجی دەوڵەت ساڵی 1944

ڕێی بکەوێتە قوتابخانەێیکی فەڕەنسی و دوو ساڵ لەوێ بخوێنێ.هەتا سەرەنجام سوریا بە سەربەخۆیی دەگات و ئەو ئەچێ بۆ فێرگەیێکی دی. پاشان دیپلۆم وەردەگرێ و لە زانکۆکانی دێمشق و بێرووت،هەتا بە پلەی دوکتۆری فەلسەفە، درێژە بە خوێندنەکەی دەدا. پاشی وەپشت سەرنانی دەورێیک چالاکی سیاسی،ساڵی 1956 زایینی هاوڕی دەگەڵ هاوژینەکەی ئەچێ بۆ لوبنان و لە ساڵی 1986 بەم لاوەش، لە پاریس و ژنێڤ ژیان وەسەر دەبات. ئەو وێڕای وانەوتنەوە لە زانکۆی سۆربۆنی فەڕەنسا و زانکۆیێکی نێو ژنێڤ، لە یۆنسکۆش دەکرێ بە نوێنەر بۆ وڵاتانی عەڕەبی.
بە ڕوواڵەتی ئەدۆنیس ڕا، هیچت لە دونیای عەڕەب بەرچاو نایە. جگەرەی بەرگی بەدەستەوەیە و خۆش خۆش مژێکی لێ دەدا. خۆراک و چێشتەکەی بە چنگاڵ و کەوچک دەخوا.(هەرچەندە خۆراکەکەشی چڵەوکەواو بێت) بەڵام سووره لەسەر ئەوەی شاعیرێکی عەڕەبە. ئەو ئێستێ لە سەر داوەت و بانگهێشتی بەشی چاندی سەفارەتی فەڕەنسا و سەنتەری ڕەخنەی ئێران،سەری وڵاتەکەمانی داوە و هەڤپەیڤینەکەش بە زمانی فەڕەنسی ئەنجام دەگرێ.یەک لە کارمەندانی بەشی چاندی ئەو سەفارەتە دەبێژێ: "وڵاتی فەڕەنسا گەلێ هەست بە سەربەرزی و شانازی دەکا ، وەرگری زۆرێ لە شارەزایانی بواری وێژەیی و ئەدەبیی دونیایە."
هەروەها پاشان ئەڵێ ئەو جۆره کەسانە وەک میوانی چاندی ،لە لایەن فەڕەنساوە سەری زۆرێ لە وڵاتانی دونیا دەدەن. لە ئەدۆنیسی تاراوگەنشین دەپرسین ئایا ئەو چەشنە کردە و هەڵس و کەوتە لای ڕووناکبیرانی عەڕەب،جۆرە خەیانەتێ بە نیشتمان نییە؟ ئەو دەبێژێ :"بە لای منەوە ووشەێیک بە ناونیشانی خەیانەت لە داهێنانی ئەدەبیی دا هیچ کەڵکێکی نییە و دەورێ نابینێ. چونکە خەیانەت هەڵگری بارێکی یاساییە و چەمکێکی زاکوونییە کەچی داهێنانی ئەدەبی و هونەری، بە گوێرەی پێناسەکەی چەشنە کردەوەێیکی دژ بە یاسایە. بە ڕای من بۆ نووسین دەبێ دەس لەو پەیڤە بشۆیت. هەروەها لای من ئەوەی دەیەوێ بنووسێ دەبێ چاک خەیانەت بکات .چونکە گەر بیەوێ وەفاداری خۆ بسەلمێنێ،هیچ چار نییە جگە لەخەیانەت دەرحەق بە واقیع.
"ئایا ئەدۆنیس لەو پێوەندییەدا گوێ بە بیر و بۆچوونی هۆگرانی خۆ دەدا؟
ئەو ئەڵێ : "بیر و بۆچوونی کەسم لا گرینگ نییە."( لەو بەشەی کە سەبارەت بە خەڵاتی نۆبێڵە ئەو ڕوانگە کە هەتا ڕادەێیکیش شاعیرانەیە زێتر هەست پێ دەکرێ)
سەبارەت بە چەمکی کۆچیش ئەڵێ :" ئێمە دوو جۆره کۆچمان هەیە. یەکیان سیاسییە و ئەوی دیکەیان مەیلەکییە و بە دڵی خۆ،ڕێی هەرێمی کۆچ دەگرییە بەر. سەبارەت بە من، ژیانی نێو تاراوگەم،مەیلەکی و بە دڵخواز بووە. کۆچێکی دیکەشمان هەیە کە لای من گەلێ گرینگە، ئەویش کۆچ بە نێو زوان و کولتووری خۆماندایە کە لای ئێمەی موسڵمان و لە دونیای عەڕەب دا برەوی فرەتری هەیە. هەتا کاتێ نووسەر، نەتوانێ بە زمانی خۆ ئەوەی گەرەکیەتی بیدرکێنێ، خۆیای بکات، بە لای منەوە لە تاراوگەدا دەژی. سیاسەت تەنێ ڕەهەندێکی ئەو پرسەیە.
"ڤێنووس فوری"(قەتا)، ژنە شاعیر و وەرگێڕی شێعرەکانی ئەدۆنیس بۆ سەر زمانی فەڕەنسی، ئەڵێ : " ئەدۆنیس لە نێو پۆلەکانی وانەوتنەوەیدا دەبێژێ ئەو شاعیرەی بە نێو میراتی چاندی و فەرهەنگی خۆدا ڕۆ دەچێ،قەت حاشا لەو میراتە ناکات بەڵام دێ و لە ڕێی داهێنان و نوێگەری ئەدەبییەوە بەرگێکی دی بەوەردا دەکات و بە لەونێکی دی، دەیخاتە پێش چاوان و ئەیکاتە ملکی کەسێتی خۆ. بۆ ئەو کەسەی لە دووی داهێنان و نوێگەرییە،نەریت تەنێ لە تاشە بەردێک دەچێ و بەس کە دەبێ یان بە ناخیا ڕۆچی یاخۆ وازی لێ بێنی. نەریت لای بیرێکی ئافرێنەر و داهێنەر، جۆره گوتارێکە."
خاتوو ڤێنووس کە دانیشتەی پاریسە و بە زوانی فەڕەنسی شێعر دەهۆنێتەوە،بە هێنانەوەی نموونەێیک لامان دەسەلمێنێ دوورکەوتنەوە لە زێد و نیشتمان، تەنێ بەرۆکی ئەدۆنیسی نەگرتووە : " بۆ بەڕێوەبردنی جڤینێ لەسەر شێعری عەڕەب و فەڕەنسی دەبوا هەندێ کەسانم بۆ پاریس بانگهێشت کردبایە. ئەو دەم بوو تێگەیشتم زۆرێ لە شاعیرانی عەڕەب دانیشتەی ئەمستەردام،پاریس،سوێد یان وڵاتانی دی ئەورووپین." ئەو پاشان دەڵێ : "گەر من لە لوبنان(زێدەکەی) مابامەوە،منداڵم دەبوو، ئەوانم خەم دەکرد و پێم دەگەیاندن و چەن شێعرێکیشم دەهۆنییەوە. بەڵام دوای کۆچ بوو، دیتم چەندە ئاسۆی نوێی شێعریم لە ڕوو کرایەوە.
" لەیلا نەسیری ها"، پەیامنێری بەشی ئەدەبی ڕۆژنامەی شەرق، لە ئەدۆنیس پرسیار دەکات ئایا ژیانی نێو ڕۆژاوا بۆ شاعیرەی عەڕەب، دنەی دەدا بۆ داهێنان و نوێگەری؟ ئەدۆنیس لە وەرامدا ئەڵێ : " ژیانی نێو

پاریس لای من کۆچ نەبوو . پاریسم لە ڕێی بێرووتەوە چاکتر ناسی و بۆ من کەشەکەی جیاواز و نامۆ نەبوو. شاعیر جیا لەو شوێنەی لێی دەژی،زێد و نیشتمانی سەرەکی، زمانەکەیەتی."
ئایا کێشە و ئالۆزییەکانی خۆرهەڵاتی ناڤین ئەو ئیزنە بە شاعیر دەدا لە دونیایێکی هێور و ئارامدا شێعر بهۆنێتەوە؟ یان نەخێر ئەوانە شوێنهاتی ژیانی نێو پاریسن؟ ئەو دەبێژێ : " ڕاستیت دەوێ لە هەر کوێ بیت ئەو بگرە و بەردە و کێشە، هەست پێ دەکرێ. بەڵام تۆفیرەکەی لە ڕادەی گوشار و کێشە و بگرە و بەردەکەدایە. "
ڤێنووسیش باسی ئەزموونی تاکی خۆی دەکات و دەڵێ : سەردەمانێک لە بێرووت سەبارەت بە پاریسی نووسیوە و لە پاریسیش لەسەر بێرووتی نووسیوە : " من لەسەر ئەو شوێنەی لێیەوە دوورم، دەنووسم."
ئایا بە لای ئەدۆنیسەوە ئەو تاقە شاعیری عەرەبە کە جێ پەنجەی بەسەر شێعری عەرەبەوە دیارە و گەلێ مانا و چەمکی نوێی پێ بەخشیوە؟ ئەوە پرسیاری "موحسین ئازەرم"، پەیامنێری بەشی هونەری ڕۆژنامەی شەرق لە ئەدۆنیسە. ئەدۆنیس لە وەڵام بەو پرسیارە ،خۆ لە نێوبردنی کەسانی شوێندانەر لەو بەستێنە دەبوێرێ و دەڵێ: "هەمیشە پرسیاری ئەوەم لێدەکەن ئاماژە بە کەسانی سەرچڵ بکەم بەڵام من نێوی کەس نابەم. هۆکەشی ئەوە، گەر من تاقە شاعیری عەرەب بوایەم، لە مرۆڤێک دەچووم کە بە تاقی تەنێ لە سارا و بیاوانێکدا دەژیا،پڕ روونە منیش وا نیم ،هۆ و هەگەرەکەشی ئەوەیە کە گەلێ لە شاعیرانی عەرەب ئەو ئەرکەیان جێ وەجێ کردووە. ناوێرم نێوی کەس بێنم نەوەک ناوی هەندێکیانم لەبیر بچێ."
بۆ وەبیر هێنانەوە دەشێ کە شاعیرانی دی عەرەب وەک" نەزار قەببانی"پێشتر زۆر بە هاسانی ڕا و بۆچوونی خۆیان لەسەر شێعری شاعیران دەربڕیوە، بۆیە ئەدۆنیسیش ئەوەندە سڵ لەوە ناکات: " بە لای منەوە نێوبردن لە شاعیرێک یانێ داوەریکردن لەسەر شێعری ئەو شاعیرە،لای من شاعیرێک ئەو حەق و مافەی نییە لەسەر شێعری شاعیرێکی دی، داوەری بکات. لانیکەم لەبەر ئەوەی ڕێز لە شاعیرانی دی دەنێم."
بەڵام ڤێنووس وێنەیێکی جوانترمان لە ڕۆڵی ئەدۆنیس و هاوڕێیانی لەسەر شێعری عەرەب لا دەنەخشێنێ: " باس لەسەر ئەوە نییە بمانەوێ بە خراپ نێوی کەسێک بێنین یان کەسایێتی شێعری، لاواز بکەین. تەنیا خاڵێک لەو پێوەندییەدا بۆ ئاماژە پێدان دەشێ ئەوەیە شێعری مۆدێرن و پێشکەوتنخوازانەی عەرەب، بە "گۆڤاری شێعر" دەستی پێکرد کە ئەدۆنیس و ژمارەیێکی دی لە شاعیران، توانییان ئەو زمانی عەرەبییەی کە لەسەردەمی خەلیفەکانی عەبباسییەوە تووشی وەستان ببوو، بەرەو پێشەوە ببەن."
ئاخرییەکەی ئەدۆنیس خۆی پێ ناگیرێ و ڕا و بۆچوونی خۆی دەردەبڕێ. ئەو شاعیری عەرەب"موتەنەبی" پڕ خۆش دەوێ. : " نەک تەنێ لەبەر ڕەوانبێژی و ناسکبێژی نێو شێعری موتەنەبی،ئەوم خۆش دەوێ بەڵکو لەبەر ئەوەی پردێکی لە نێوان سیاسەت و شێعردا دانا،گەلێ لام خۆشەویستیە و یەکەم شاعیری عەرەبە ئەو پردی پێوەندییەی چێکرد."
هەرچەندە گەلێ بە باڵای ئەو شاعیرەدا هەڵدەڵێ و پەسنی دەدا، بەڵام بۆخۆ گەلێ لە سیاسەت دوور کەوتۆتەوە. ئاوڕدانەوێیک لە ژیان و سەربردەی ئەدۆنیس، ڕوونکەرەوەی ئەوەیە ئەدۆنیس هێور هێور لە سیاسەت دوور کەوتۆتەوە. لە ساڵی 1947 هەتا 1949 بەردەوام لە پێوەندی دەگەڵ بناغەدانەر و سەرۆکی پارتی نەتەوەیی سوریادا بووە . ساڵێک لە نێو زیندان بووە و پاشی تێرۆرکرانی یەک لە کەسایێتییەکانی سیاسی سوریا و بەرتەسکبوونەوەی مەیدان و گۆڕەپان بۆ چالاکی و خەباتی پارتەکانی ناسیۆناڵیستی سوریا، ئەو وڵاتەی بە جێهێشتووە و چووە بۆ لوبنان. لە دوورەوە بەشداری لە هەڵبژێردرانی سەرۆکی پارتی ناسیۆناڵیستی سوریا دەکات و بەرپرسایێتی و سەرنووسەری گۆڤاری "البناء" ئۆرگانی ئەو پارتە وەئەستۆ دەگرێ و لەسەر نووسینی سەروتارێک لە نێو ئەو گۆڤارەدا، دەگەڵ بڕێک لە ئەندامان ،کێشەی لێ پەیا ئەبێت و ناکۆکی ئەکەوێتە نێوانیان و دوابەدوای ئەوەش دەس لە کاری حیزبی و سیاسی هەڵدەگرێ. دوای ئەو قۆناخە، ژیانی چاندی و فەرهەنگی دەس پێدەکات و بەرهەم و دەسکەوتەکەشی ،هەڤدە کۆمەڵەی شێعری،10 کتێبی لێکۆڵینەوەیی و چەندین وەرگێڕانیشە. ئەدۆنیس هەتا بە ئێستا گەلێ خەڵاتی بەرزی پێ بڕاوە، لەو نێوانەدا دەکرێ ئاماژە بکەینە خەڵاتی گەورەی شێعری وڵاتی بەلکیجا بە ساڵی 1986 و خەڵاتی شێعری "نازم حیکمەت" لە تورکیا ساڵی 1995، هەروەها لە وڵاتانی وەک مەکدۆنیا،ئیتالیا و لوبنانیش، چەندین خەڵاتی گەورەی پێ بەخشراوە. بەڵام هەتا بە ئێستا دەستی بە خەڵاتی نۆبێڵ ڕانەگەیشتووە. هەرچەندە گەلێ ساڵانە نێوی دەخرێتە نێو لیستەی بەربژاران بۆ وەرگرتنی ئەو خەڵاتە. بۆ خۆ سەبارەت

بەوە دەڵێ :" هیچ لام گرینگ نییە و تەواو لە یادم کردووە." ئەوە هەڵوێستی ئەدۆنیس لە تەواوی هەڤپەیڤین و وتووێژەکانییەتی لە هەمبەر خەڵاتی نۆبێڵ بۆ ئەدەب. دەڵێ لای گرینگ نییە بۆ خەڵاتی نۆبێڵی نادەنێ: " وا چاکە لە کۆمیتەی نۆبێڵ پرسیار بکەی."
ڤینووس هەڤاڵێکی هەیە کە بەرپرسی کتێبخانەی نۆبێڵە. ئەو هەڤاڵەی پێی وتووە جارێکیان خەریک بوو ئەدۆنیس ئەو خەڵاتەی بەر بکەوێ بەڵام لەبەر ئەوەی هەڵگری دووڕەگەزنامە بوو، ئەوە نەهاتۆتە دی. لێ ئەوانە لای شاعیر ئەوەندە بایەخیان نییە چونکە : "ساڵی پار کە قسە و باس لەسەر ئەوەی ئەو خەڵاتە بدرێ بە ئەدۆنیس، پێمیان وت سەبارەت بەو، بابەتیان بۆ بنووسم، پاشانیش لێمیان ویست هەڤپەیڤینێک دەگەڵ وی ساز بدەم. ئیدی دڵنیام ببووم و لە دووی ئەدۆنیس دەگەڕام کە ئاخرییەکەی لە تورکیا دیمەوە. ئەوەند لای بێ بایەخ بوو کە ئەودەم هەر لە پاریسیش نەبوو."
ڤینووس پاشان دەبێژێ :"خەڵاتی نۆبێڵ، لای ئەدۆنیس هیچ گرینگ نییە بەڵام بۆ ئێمە لە دونیای عەڕەبدا پڕ بایەخی هەیە کە ئەو خەڵاتی نۆبێڵ بباتەوە."
تاقە عەڕەبێک ئەو خەڵاتەی بەر کەوتبێ ،"نەجیب مەحفوز"، شاعیری میسرییە. ئایا بۆ ئەدۆنیس گرینگە دووەم عەڕەب، خەڵاتی نۆبێڵ بباتەوە؟ با بزانین وەرامی ئەدۆنیس چییە: " لای من ئەم پرسیارە گرینگە، باشە بۆچی ئەوەندە لای ئێوە ئەو خەڵاتە بایەخی هەیە، لە باتی خەڵاتدا دەبێ بیر لە داهێنان و ئافراندن بکەیتەوە."
بۆ وتن دەشێ شێعرەکانی ئەدۆنیس بۆ سەر 12 زمانان وەرگێڕدراون. سێ بەرهەمی وی بۆ سەر زمانی فارسی وەرگێڕدراون کە بریتینە لە : "سەرەتایێک سەبارەت بە شێعری عەڕەبی"، "سورڕیالیزم و سۆفایێتی" و" ئاوازەکانی مەهیاری دێمشقی" .

ژێدەر: ڕۆژنامەی "شەرق"،یەک شەممە 13 سەرماوەزی 1384 هەتاوی
پەیڤێک: نووسەری ئەم بابەتە بەڕێزێکە بە ناونیشانی "سام فەرزانە".

17 سەرماوەزی 2705 ی کوردی

تاران